بەفەرمی... لا لیگا بڕواری یەکەم یاریی کلاسیکی ئەم وەرزی دیاریکرد



26 مانگی داهاتوو یەکەم یاریی کلاسیکی ئەم وەرزی لا لیگایە و ئێلێنسە لەبەردەم ئەرکێکی قورسە.

بە شێوەیەکی فەرمی لا لیگا رایگەیاند، کلاسیکی داهاتووی خولەکە لە نێوان ریاڵ مەدرید و بەرشەلۆنە لە یاریگای سانتیاگۆ بەرنابیو لە 26 ئەم مانگە ئەنجامدەدرێت.

بە گوترەی بڕاوکراوەی لا لیگا، بڕیارە یاریەکە لە کاتژمێر شەش و 15 خولەکی ئێوارە بە کاتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت، دیاریکردنی ئەو کاتەش بە ڕەزامەندی بینەرە لە سەرانسەری جیهان.

ڕۆژنامەی ئاس ئاماژەی بۆکردووە، ئەم کلاسیکیە دەبێتە یەکەم یاری چابی ئێلێنسەی هاڤێنر لەگەڵ ریاڵ مەدرید لەبەردەم جەماوەرەکەی بەرنابیو و لۆژیر چاودێری جیهانیدا.

ئێلێنسە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسە بەرامبەر فلەک، دوای ئەوەی ڕاهێنەرە ئەمانیەکە توانی لە وەرزی ڕابردوو هەر پێنج کلاسیکیەکە لە ریاڵ مەدرید ببا تەوە.